# ناوەندی شاری مانچستر پرکرا لە دەنگی نارەزایەتی

## نـــا بۆ گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران, کوردستان نـــا ئەمنە!

رۆژی 17-12-2005,شەممە, کاتژمێری 1ی پاش نیوەرۆ و لەسەر بانگەوازی پیشووی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی, پەنابەران رژانە شەقامی مانچستر بۆ دەربرینی توورەییان بەرامبەر بە سیاسەتی نەژادپەرستانەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی بۆ گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کوردی عیراقی.

بەشداربووان باخچەی ئاشتی ( پییس گاردن) یان رازاندبووەوە بە لافیتە و پلاکارتی جۆراوجۆر: ( عیراق نا ئەمنە. کوردستان نا ئەمنە. نا بۆ گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران . نا بۆ زیندان و دەستبە سەری پەناهەندە).

شایەنی باسە چەند رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی بەشداریان کرد لەوانە ریکخراووی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی دەوریکی کاریگەریان هەبوو لە بەشداری و پشتگیریو هاوپشتی نیشاندان بە خۆپیشاندانەکەو ئەندامیکی زۆریان ئامادەبوو وە نوینەرانیان ( خالید مورادی و ئومید کریمی و جلالی دەولەتی و میهدی حەسەنی و سەبا سولتانی و ژیلا اخلاقی و بابەك مەلەکی و نەدای حاجیپورو تەوەکولی) دەوری بەرچاویان نوواند.

هەروەها ریکخراووی دیمۆکراتیك سۆشیالیست ئەلاینس بە نوینەرایەتی جۆن پیرسن و دەیفید جۆنز ئامادەبوون بە لافیتەی نا بۆ سنورداشکردنەوەی زۆرەملی بەشداریان کرد.

ریکخراوی ناشنال کۆئالیشن ئۆف ئەنتی دیپۆرتەیشن کەمپەین دەوری بەرچاویان بوو.




لەم خۆپشاندانەدا ( بورهان فەتاح) بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر بەنۆینەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری قسەوباسی بە ئینگلیزی و کوردی و فارسی کرد: پاش بەخیرهاتن و دەستخۆشکەری لە ئامادەبووان ،.. پاشان باسی لە ناوەرۆکی ئەو سیاسەتە راسیستیانە کرد کە ماوەیەکە لەلایەن وەزارەتی ناخۆی بریتانیاوە گیراوەتە بەر بە گرتن و دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ شاری هەولێرو راگرتنی ژمارەیەك لەپەنابەرانی کورد لەگرتووخانە دەست بەسەرەکاندا ..لەبەشێکی تری قسەو باسەکاندا ئاماژەی کرد بەو کارو چالاکیانەی کە فیدراسیۆنی پەنابەران لەسەر تاسەری شارەکان دەستی پێکردوە لەکۆبوونەوەی جەماوەری و سازدانی خۆپشاندانو ئیمزاکۆکردنەوەی و دانانی کۆبونەوە لەنیو پەرلەمان..ولەو رێگەیەدا دەیان پشتیوانی ژمارد کە لەلایەن رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و یەکیتی کرێکاریەکانو کەسایەتیەکانەوە بە فیدراسیۆن گەیشتووە دژ بەگیرانەوەی پەنابەرانی کورد و داواکاری بۆ ئازاد کردنی پەنابەرە کوردە گیراوەکان .

پاشان باسی لە سەر ئەوەکرد کە ئەم پەناهەندانە بەهۆی ئەوزاعی سیاسی عیراقو کوردستانو وداگیرکاری و نائەمنی وسەرکوت وداپلوسینی ئازادی وگرتنو راونانو جەنگ روویان لەهەندەران کردوە و دەبیت مافی پەناهەندەییان بۆ بە رەسمی بناسریت. هەروەها ووتی ئەم هەلهاتنە بۆ خۆی نیشانەی سیاسی بوونە وە یەکسانە بە خەتەر لەسەر ژیان.ئەگەر ئەم گەنجانە ناتوانن ئاوەها تەعبیر لە خۆیان بکەن ئەوە ناگەیەنیت کە سیاسی نین تا بەو شیۆەیە مامەلەیان لەگەل بکریٚ کە ئەم پەنابەرانە قوربانی شەرن وە مافی پەناهەندەییان دەبیت لەسەر ئەو ئەساسە پیٚ بدریٚ .زیندانی کردن و گیرانەوەیان کاریکی راسیستی و دژ بە مرۆڤایەتییە. هەروەها داوای لە ریبواران کرد کە بە دەیەها ئاگاداری قسەوباسەکانی بوون, کە ئیمزای فۆرمی نارەزایەتیەکانمان بکەن و سەردانی ئەندام پەرلەمانەکانیان بکەن و لییان بپرسن بۆ پەنابەری کوردی عیراقی دیپۆرت دەکەنەوە؟ ئەگەر عیراق ئەمنە بۆ لەشکرەکانیان نا کیشنەوە؟ بۆ نەسیحەتی

هاوولاتیانی خۆیان دەکەن کە سەفەر نەکەن بەرەو عیراق؟ وە ئەو گەنجە بۆ بەتەیارەو جلی عەسکەری و بە دەستی کەلەپچەکراوەوە سنووورداش دەکەنەوە؟
بۆ لە گرتوو خانەکانیاندا لەو گەنجانەیان داوە پیش ناردنەوەیان لە 20–11– 2005 کە پێچەوانەیە بەهەموو یاسایەکی نیودەولەتی.
پاشان دەنگی نارەزایەتی پەنابەران بە ووتنەوەی نا بۆ ناردنەوەی زۆرەملی, عیراق نا ئەمنە و کوردستان نا ئەمنە ریبوارانی پەیتاپەیتا کۆدەکردەوەو فۆرمەکانیان ئیمزا دەکرد و کۆمەکی مالییان بە فیدراسیۆن دەکرد.
سەرەرای هەوایەکی زۆر سارد خۆپشاندانەکە 2 کاتژمیری خایاند و وەخۆپشندەران بەرەو هۆلی فریندز میتینگ هاووس کەوتنەرێ.
لەویش کوبوونەوەیەکیان سازداو باسیان لە خۆپیشاندانەکەو ئەنجامەکانی و بەرنامەکانی داهاتوو کرد کە فیدراسیۆن لەشارەکانی تریش دەیباتە پێشەوە و ,بریار درا کە هەفتەی داهاتوو شەممە لە نووسینگەی فیدراسیۆن لە ئۆلدهام ستریت کۆببنەوە تا قسەوباس بکرێ لەسەر ریکخستنی خۆپیشاندانی مانگی 1ی سالی داهاتوو،لەم خۆپشاندانەدا رادیووی محلی و رۆژنامە محلی یەکانی شاری مانچستەر بە بورهان فەتاح چاوپێکەوتنیان کرد بەم شێوەیە هەوالەکانی دەنگی نارەزایەتی پەنابەران هەمان رۆژ پەخش کرایەوە .

**فيدراسيؤني ثةنابةراني عيراقي _ مانضستر**

2005-12-19

---

TEL:07866757213